Kurdistan.net کوردستان نێت

# پرۆژەی ستەم

## رەخنە یەك لەسەر:

## "کیسەڵەکانیش هەڵدە فڕن"

## بەرهەمی نوێی بەهمەن قوبادی

ئارتیکا کوردی

" دار پواز/ هۆرەی لە خۆی نەبێ، ناقەڵەشێ."

به جیهانیبوون دەرفەتێکە تا گەلانی نابەختەوەر بە چێژ وەر گرتن لە کەش و هەوای لاواز بوونی دەسەڵاتی ناوەندی و هەروەها بەهرەمەند بوون لە جۆرەکانی تەکنۆلۆژیا و...هتد بەرەو بەرجەستە کردنەوەی هەویەت و شوناسی خۆیان لە پێناو گەیشتن بە کەرامەت و ئازادی دا خەبات بکەن.

نەوتراوە پەیدایە، ئەم خەباتەش دەبێ بە دەستی لاوان و پیرانی دڵبەستە و دەرەست بە خەون و ئارەزووەکانی نەتەوە ئەنجام بدرێ.

ئەمڕۆ کە، سینەما بە هۆی گشتگیری و جیهانگیری خۆیەوە، زیاتر لە دیکە چەشنەکانی هونەر دەتوانێ لەم بوارەدا رۆڵ بگێڕی.

ئەگەر چاوێك بە سەر سینەمای هێندی دا بخشێنین، بەسانایی دەتوانین ئەو تایبەتمەندییانەی بۆ دیاری بکەین:

١- جاڕدەری خۆشەویستی و ئەوین.

٢- جاڕدەری ئاشتی خوازی و تەبایی.

٣- رەت کەرەوەی بێ ئەخلاقی.

٤- لە قاو دانی فەساد و گەندەڵی ئیداری / برۆکراتی هیندوستان.

٥- دیفاع و بەرگری لە سەربەخۆیی هیندوستان.

٦- ئاوێنەیەك بۆ واقعی نێوە کۆمەڵگای هیند.

٧- پارێزەری ئاداب و نەریتەکانی نەتەوەی هیندی.

و...تاد.

لەم ناوەدا، چاوە ڕوان دەکرا، سینەمای نەتەوەی بێ دەوڵەتی کورد، درێژەی رەوتی یۆڵماز گۆنای بێت.

بەهمەنی قوبادی- لاوی سینەماکاری کورد- ناوێکی ئاشنایە، قوبادی سەرەتا بە دروست کردنی کورتە فیلم دەربارەی سەرباز و بەسیج و ....هاتە نێو جیهانی سینەماوە، پاشان وەك یاریدەی دەرهێنەر و دواتریش بۆ خۆی"کاتێ بۆ مەستی ئەسپەکان"، "گۆرانیەکانی ولاتی دایکم" درێژەی بە کاری هونەری داو دوایین بەرهەمیشی "کیسەڵەکانیش هەڵدەفڕن"ی ئاراستەی خەڵکی کرد.

ئەوەی تەنانەت بەرهەمێکی ئەو سینەماکارە گەورە کوردەی دیبێت، بەومەرجەی هۆگری خەونەکانی نەتەوەی کورد بووبێ، بیرەوەریەکی خۆشی لە قوبادی نییە.

"کیسەڵەکانیش هەڵدەفڕن " بەداخەوە- بە هۆی ئەو فاکتانەی لە درێژەی رەخنەکەدا ئاماژەیان پێ دەکرێ وەك پرۆژەیەکی ستەم لە پێناوی بێ حورمەتکردنی کورد و چەواشەکاری دژی کورد هاتۆتە بەرهەم نەك فیلمێکی کوردی!

## کات

فیلمی ناوبراو، لە ئاستێکی هەستیار و ناسکدا دروست کراوە کە کورد بە گشتی و کوردی باشور بە تایبەتی پێویستی بە پشتیوانی ئەمریکا، ئیسرائیل، ئەوروپا و ...هتد.

کەچی ئەم پرۆژەیە ئەگەری هەر جۆرەهاوکاری و یارمەتی و پشتیوانییەکی بیانییەکان، بە شێوەیەکی راشکاوانە، خستۆتە مەترسییەوە!

## ناوەرۆك

"کیسەڵەکانیش هەڵدەفڕن" هەڵگری ناوەڕۆکێکی سیاسییە، تۆ ئەگەر ناوی دەرهێنەرەکەی لە سەر نەبێ و قەراربێ بە هۆی ناوەرۆکەوە. ناوی فەرزی کارگێر و دەرهێنەرێکی بۆ دابنی، ئۆسامە بن لادەن، ئایەتوڵا خامنەیی یان یەکێ دیکە لە بنیاتنەرە فاندامانتالیستە ئیسلامی یە دژی ئەمریکی، ئیسرائیلییەکانی دەنووسی.

## ئەکتەر

دیسان قوبادی لە نەوعە کارئەکتەرەگەلێك بە هەرەی گرتووە، وێرای ئەوەی ناتوانین حاشا لە هەبوونی ئەوانەش لە ناو کۆمەڵگا بکەین بەڵکە نوێنەری چ نەسل و جیلێکی کوردنین، خاسە ئەگەر ئەو نەسلە نەوجەوانی خۆی لە سەدەی بیست ویەکەم دا تەی بکاتن.

## فەزا

فەزای فیلمە تازەکەی قوبادی، فەزایەکی تراژدیك/ ملودراماتیکە، سەر تاسەری چەواشەکاری و بێ حورمەتییە، تەقەلایەکی پشوو درێژانەیە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی پرۆژەیەکی ئاراستە کراو، پەلکوتانی بۆ خۆڵقاندنی سیمایەکی دژی راستی ناو کۆمەڵگای کورد. دەست خۆشانەیە لەوانەی بە کردەوە و پراکتیك دژی کورد جوڵاونەتەوە.

## ناوی فیلم

لە قامووسی مرۆڤی خاوەن وێژدان و کەرامەت دا، هەرچەشنە وێچواندن و شوبهاندنێکی ئینسانی خزمەتکار بە حەیوان نا گونجێ، کە چی قوبادی لەو پەڕی بێ وێژدانی دا، کیسەڵ و سەربازی ئەمریکی بە یەك دەشوبهێنێ، دیارە ئەمەش فرمولێکی قاڵبکراوە بە قوبادی کە تەنیا لە زەین و ئەندێشەی تاریکی ئیسلامییە تیرۆریست- توندرەوەکانەوە دەوەشێتەوە.

## کارئەکتەری یەکەمی فیلم

سۆران- کاك سەتەلایت- نەوجەوانێکی ١٤-١٥ ساڵە، کارئەکتەری یەکەمی فیلمەکەیە، سۆران، بە شێوەیەك پلانی بۆ دانراوە، داڕێژراوە، کوردێکی قاچاخچی، ماڵپەرەست، هەوەسبازە. لە کاتێکدا بە شێوەیەك رەوتی نەسلی نوێ کورد دەگێڕی لە هەمانکاتیشدا دیمەنێکە لە سەرکردایەتی کوردی باشوور!

چەواشەکاری و وێرانگەری هونەری قوبادی لە ڕەهەندی دیالۆگ، مۆنۆلۆگ و کردەوەی سۆرانەوە.دیکە بوارەکان دەگرێتە بەر.سۆارن لە کۆتایی فیلمەکەدا پشت لە هێزی ئەمریکی دەکات!

## کارئەکتەری دووهەمی فیلم

ئاگرین کچە کوردێکی ١٢-١٣ ساڵەی ئاوارەی هەڵەبجەیی یە کە ئیستا لە ئۆردوگا/ گوند لە سنووری باشور- باکور دەژی.

قوبادی لە سەرەتای فیلمەکەی دا دەنووسێ "حەوتەیەك بەر لە هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق" واتە ٢٠٠٣.

بە پێی بەراوەردێکی دروکاندەارانەش بۆمان دەر ئەکەوێ مەودای بەهاری ١٩٩١ -ڕاپەڕینی کوردی باشور و ئازادی کوردستانی باشور – وە هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق ١٢ ساڵە، کەوایە دەبێت ئاگرین لەو سەرەبەندەدا تەمەنی لە یەك ساڵان تی نەپەڕیوە.

١- قوبادی، دیمەنێك پیشان ئەدات کە جەلادێکی بەعسی بێ حورمەتی جینسی دەکاتە ئاگرین، لەوەها ڕەفتارێکی دژی ئینسانی داگیر کەران هیچ شك و گومانێکمان نی یە، بەڵام بە وردبوونەوە لە سەر مێژووی خەباتی میللەتەکەمان بۆمان دەر دەکەوێ کەم نەبوون ئەو کچ و ژنانەی دوای ئەوها جینایەتێك خۆیان کوشت و بێژوویان زۆڵپەروەریان نەکرد.

٢- وێرای یەك نەگرتنەوەی ئاستی زەمانی/کاتی هەبوونی بەعس لە کوردستاندا دەگەڵ تەمەنی ئێستای ئاگرین، ئەم کچە ١٢-١٣ ساڵەیە، دەپێش چاوی براکەیەوە و لە ناو ئاوردا تەجاوزی پێ دەکرێ، وەك دەزانین ئاو سیمبۆلی ژیان و ڕووناکی یە مەگەر هەر لە دیدی قوبادی یەوە داگیر کەرانی کوردستان هۆگری ڕووناکی و ژیان بن.

جا ئیدی قوبادی کە دەیەوێ خەسڵەتی دژی ئەمریکی فیلمەکەی خەستتر بکاتەوە، دێت و سۆران عاشقی!! ئاگرین دەکات.

ئەوەکام وێژدانی بێدارە کە لە کاتی لێقەومان و ماڵوێرانی و ...هتد. نەتەوەکەی دێت و لەباتی هاو دڵی و یارمەتی و هاریکاری دەچێتە خانەی هەوەسەوە؟!

قوبادی بە پیشاندانی ئەوەها دیمەنێکی ناحەز و چەواشە، دەیەوێ پیشان بدات، کورد و تراژیا و هەوەسبازی هاوتەریبن؟!!

٤- هەڵسو کەوت و ڕەفتاری ئاگرین دەگەڵ منداڵەکە- ئەو بێژووەی بە هۆی دەستدرێژی جەلادە بەعسی یەکەوە بۆ سەر ئاگرین لە دایك بووە- دژی ئینسانی و شێوە کردەوەی میهرە بانانەی دایکی کوردە.

- ئەو منداڵە بێ تاوانە، بەرهەمی سێکسێکی دژی ئینسانی یە، بەڵام بۆ خۆی چ ڕەوتێکی تێدا گێراوە.

- کامێرا و بیری شەو پەرەستانەی قوبادی، جارێك بە دەستی ئاگرین منداڵە کە دەباتە مەیدانی مینەوە و لەوێ بە پەتێکەوە دەیبەستێ بە دارێکەوە تاکوو منداڵە کە پێ لە سەر مینێك دابنێ و.... ئەویش لە سەر شاخێکدا!!

دواتر بەدەستی ئاگرین،منداڵەکە، لە ناو ئاودا دە کوژرێ!

ئەم رەفتارەش جینایەتە، چە ئاگرین بیکات چ خێزان و خۆشکی ئاغای قوبادی، دژی سەرجەم پەیمان نامەکانی مافی منداڵ و مافی مرۆڤە.

قوبادی بۆ بینەری بیانی، بە تایبەت رۆژ ئاوایی/ ئەمریکی دەیەوێ بسەلمێنێ – کورد شیاوی پشتیوانی لێکردن نی یە، لە ئەوەها ئاستێکی هەستیار دا وا کورد نیازی بە حیمایە و پشتیوانی رۆژئاوا هەیە، پیشاندانی ئەوها دیمەنێکی جینایەتکارانە چ دەسکەوتێکی – دەبێ– بۆ کورد هەبێتن؟!

بەداخەوە، دیسان شوێنی رووداو، ئاوە!

٥– قوبادی بکوژی منداڵەکەی، لە ژنانی کورد هەڵبژاردوە، کە ئەمەش لە ناخی خۆی دا چەواشەکاری و دژی راستییەکانی کەلتوور/ کۆمەڵگای کوردە و بێ حورمەتی بە ژنانی ئەنفال دیتوو، کیمیاباران دیتوو، کۆچرەو تەجرووبە کردووی کوردە.

## خورافە پەرەستی

قوبادی بە پیشاندانی بە ئەنقەست رەوتێکی ناحەز لە ناوژیانی رۆژانەی جیلی نوێ کوردا، دێت و باوەڕمەندی ئەوان بە پێشوتن– خورافە پەرەستی– پیشان ئەدات ئەوەکام نەوجەوانی کوردە کە لە سەدەی ٢١ دا لە باتی ئاوێزان  بوونی ئەنتەرنێت و سەتەلایت و رۆژنامەکان هانا وەبەر پێشوتن و خورافە بەرێت، قوبادی لێرەش پرۆژەکەی رەنگێکی تر دەکات تا کو بینەری بیانی لەگەڵ دیتنی دیمەنی بەرلە مێژوویی لە کۆمەڵگای کورد و لە هەمانکاتدا جینایەتکاری ژنی کورد، بە رادەی پێشکەوتن وهاو ئاهەنگی کوردی سەدەی ٢١ و شێوە ژیانی ئینسانی/ مۆدێرن پێ بکەنێ!

## سەتەلایت

قوبادی دیمەنێك لە کورد– سەتەلایت پیشان ئەدات وەك بڵێی Kurdsat و Kurdistan TV و ....هتد. کەناڵ و رایەڵە ئاسمانی یەکانی کورد نین!

سینەما کاری کورد، سەرەتا بەهرەمەندی لە سەتەلایت ملپێچی  فیتوا و شەرعیەتی ئیسلام دەکات و دەبێژێ کە حەرامە! پاشان پیاو ماقوڵانی گوند لە بەرانبەری چەند کەناڵێکی غەیرە کوردی و غەیرە سیاسی دائەنێ.  کاك سەتەلایتش کە بۆ خۆی شارەزایی تەواوی بە سەر سەتەلایت دا هەیە، خوانەکات کەناڵێکی کوردی بکاتەوە!

بۆ نێزیکەی ١٠ ساڵ دەچێ کە کورد خاوەنی دەنگ و رەنگی فەزایی خۆیە.ئەدی پیشاندانی دیمەنێکی ئەوەها ناحەز و بە دوور لە راستی دەبێت چ ئامانجێکی هەبێت، دیارە!

## خەباتی چەکدارانە

بە شایەتی مێژوومان، ئەگەر کورد دەستی بۆ چەك بردبێت، جەبرێکی میکانیکی و داسەپاو بووە و بەس ، کورد چەکی هەڵنە بژارد، چونکە دەیزانی و دەزانێ خەباتی چەکداری هەزینەی زۆر ئەبات. خەباتی چەکداری تینوویەتی بە خوێن دەشکێ. خەباتی چەکداری ناچاری دەکات بە هۆی ژێئۆپۆلۆتیکی ولاتەکەی  دەگەڵ داگیر کەرێکی کوردستان هاوپەیمان بێت. چواردەوری لوورەی گورگە و نینۆکی سووری نەیاری کورد.

کەس ناتوانێ لە ئاشتی خوازی بزوتنەوەی میللی – دیموکراتی کورد حاشابکات کە چی.... جەنابی قوبادی – سینەماکاری بەرجەستە کراو لە لایەن دەسەڵاتەوە، کاتێك مامۆستای گوند بە سەتەلایت دەڵێ:

منداڵەکان هان بدەن زانست و ماتماتیك بخوێنن، سەتەلایت بێ ئاوردانەوە و سەرنجدان بە ئاڵا سپیەکەی قەراخ مامۆستا، دەڵێ: ئەوان زانست و ماتماتیك فێر بووگن، ئێستا نۆرەی فێر بوونی شەڕە!

– ئێستا–ی وتراوی سەتەلایت ساڵی ٢٠٠٣ە!

دیسان چەواشەکاری و تاوان، دیسان پرۆژەی ستەم ، دیسان غەدر و بێ حورمەتی ، دیسان دژی کورد جولانەوە و ئافراندن بە کەیفی دڵی داگیر کەران.

## کورد و ئەمریکی

یەکێ لە دیالۆگە بەر چاوەکانی فیلمەکەی قۆبادی ئەوەیە کە دۆستێکی سۆران هاوار دەکات لە سۆران: کاك سەتەلایت سەربازی ئەمریکی خەریکن دەگەڵ منداڵانی گوند فیلمی sex چاو لێ دەکەن.

تۆ بڵێی ئەمریکاش ئێران بێ و دەسەلاتێکی درۆزن و بێ ئەخلاقی پەروەری ئاخوندی بە سەریان دا حکوم بکات و دەرگەی شوێنی سۆزانییە رەسمییەکانی داخستبێ و گەرای بێکاری و برسیەتی لە سیمای کۆمەڵگا پژاند بێ و بە پێشاندانی چەشنە رەفتارێکی دژی راستی، بە ساپۆرتی ئەمنی و لۆژیکی خۆ یەوە، سۆزانی گەری و فەحشای بەرە و هەموو کەلێن و قوژبنێکی کۆمەڵگا بردبێت.

تۆ بڵێی ئەمریکاش ئێران بێ و.......

کێیە کە نەزانێ سەربازی ئەمریکی، ژن و ژێرزکی تێرە و بە تێری هاتووە و چ پێویستی بە چاو لێکردنی فیلمی sex لە یەکەم رۆژی هاتنی بۆ کوردستان – ئەویش لە گەڵ منداڵانی گوندی سەر سنوورنییە.

لێرە دا قوبادی دیسان چەواشەکاری پەیڕەو کردۆتەوە و لەباتی سەر جەم دژی ئەمریکی یەکان ناخی هەڵوێستی بەرەی دژی ئەمریکی پیشان داوە و لە کورد بۆ دژە کورد هەزینەی کردووە.

٦– لە کۆتایی فیلمەکەیدا، سۆران /کاك سەتەلایت وەك کورد و سەرکردایەتی پشت لە هێزی ئەمریکی دەکات . خاڵی سەرنج راکێش ئەوەیە کە هێزی ئەمریکی ئیستاش لە لایەنی کوردی باشورەوە وەك هێزێکی رزگاری دەر چاویان لێدەکرێ و هەتا ئێستاش سەر کردایەتی کوردیش پشتی لە ئەمریکا نە کردووە، بە راستی گەر بیەوێ هاو پەیمانی دەگەڵ ئەمریکا تێك بدات ئەورەم دەبێتەوە هاوپەیمانی کێ؟!

بێ شك، کەس چاوەڕۆانی درووست کردنی ژیانی سەعید یەزدانپەنا و د. قاسملو– ی لە بەهمەنی قەبادی نییە، بەڵکە دەست لە غەدرە ستەم هەڵگرتن، چاوەڕوانییەکی بەجێ نیشتمانپەروەرانی کوردە لە بە همەن قوبادی.